شەم بوو، شۆڵە بوو... شەرارەی گڕبوو
گەرمیی و حەرارەت، کڵپەی ئاگر بوو
ڕەنج و پەژارە و دەرد و مەینەت بوو
بەقەد **ئاویەر، خەم و خەفەت بوو**
**خەو بوو، خەیاڵ بوو، خەم بوو، ماتەم بوو**
وەک لەیل بۆ مەجنون، وەک زین، بۆ مەم بوو
فەرقێک نەوو، بۆی: ڕەهێڵەی باران
یا زوقمی زستان، یا گەرمای تاوسان
بەدەور ماڵ یارا، ئەڕۆی... ئەینالان:
فیدای باڵات بم، ئەهای **کاڵێ گیان**
نە شەوێ و دووشەو، نە هەفتە و نەدوو
لەبەر ماڵ **کاڵێ**، شەو ئەیکردە قوو
حەمە عاشقە، ئەهای خەڵک شار
لەبەر ماڵ **کاڵێ**، بێن بمکێشنە دار
بۆ **کاڵێ** خوێندی، تا ئەو لەحزە ما
ئاخری لەبەر ماڵ «کاڵێ» یا کوژیا
**حەمەش** بەو جۆرە، بۆ **کاڵێ** گیانی
گیانی شیرینی، کردە قوربانیی
شەرت دڵداری تاسەر بردە سەر
شەهیدیش کریا، لەبەر ماڵ دڵبەر
پەس، با بزانین کە **پادیواری**
لەو حەمە و ماگە، بە یادگاری
**حەمە کەچەڵیی**، لەو دوا ئەخوێنیا
ئەو گۆرانییە بوو، ئەو بینای نیا



................................................
................................................

**پادیواری** خوێن، شەوگەل **قەتارچیان**
«عەباس خان»م بوو، **حەبیبوڵلا خان**
**کاباقرەی سەوڵی** و «سوائەولە»ی گەچکار
لەپاڵ ئەم دیوار، تا پاڵ ئەو دیوار
جا **باقری سیاچ**، لەم ئاخر گەلە و
«کاڵێ گیان»ی ئەخوەن، شەو بەدەنگ خۆشە و
عاشقێک ناکام، شەیدا و سەرگەردان
بە **پادیواری**، شەوگار ئەینالان:
ئەوە من هاتم بە بەر ماڵتانا
تۆ، بێ وەفا بووی، نەتکردە بانا
کاشکای سیامار، خۆمی بگەستای
تەک بێ بەینەتا، بەینم نەبەستای
بۆ خاتر قورئان، مەمکە سەرگەردان
ئەهای **کاڵێ گیان** ئامان **کاڵێ گیان**

***

دەگەڕێینەوە بۆ لای میستەر ڕیچ، کە لە چەند جێگەیەکی تری سەفەرنامەکەیدا، باسی مۆسیقا و گۆرانی کوردی دەکاتەوە:

١- ڕۆژی ٢٣ی ئازاری ١٨٢٠: ئەمڕۆ... گوێم لە مۆسیقای پیرەمێردێکی کورد گرت، لە هۆزی «سورەمەنی»، کە خەڵکەکەی بە مۆسیقا و سەما بەناوبانگن. ئەم پیرە بە «کەمانچە»یەکی ئەو ناوچەیە، یان «روباب»ێکی دوو ژێیی، ئاوازێکی کەمێک خۆش و ئاهەنگاویی بۆ ژەندم. شەوێش هەر هاتەوە و دیسانەوە هەندێ گورانی سەرەتایی، بەزمانی کوردی بۆ وتم،(٩٨، ٣٩٤).

٢- ڕۆژی ١٩ی تەمووزی ١٨٢٠ز: دروێنەوانان خەریکی درۆێنە بوون، بە دەمیشیەوە گۆرانی چیرۆکی شیرین و فەرهادیان بە شیعری کوردی دەوت(٩٨، ١٨٣).

٣- ڕۆژی ٢٧ی تەمووزی ١٨٢٠ز: پیرەمێردێکی کوردی کەمانچەژەن، سەمایەکی بۆ ژەندم، دەیوت لەو تیپە مۆسیقاییەوە فێربووە، کە لەگەڵ بارمۆلۆف؟ دا بوون(٩٨،١٠٤).

٤- ڕۆژی ٢ی تشرینی یەکەمی ١٨٢٠، لە ماڵێکی قەراخ شاری سلێمانی، ئامادەی زەماوەندێک بووە و هەر ئەوکاتە وێنەیەکی زەماوەندەکەی بەدەستی خۆی دروستکردووە، کە وردەکاریی هەمەلایەنەی شێوەی جلوبەرگی پیاوانە و ئافرەتانە و دیمەنێکی گشتی زەماوەندەکە بەگشتی و تیپی مۆسیقای زەماوەندەکەشی لە بەشی لای چەپی تابلۆکەوە نیشانداوە، کە بریتین لە: شمشاڵ، تەپڵ، سوورنا. بەچاکم زانی بەم بەشەی تابلۆکە، بەجیا نیشانی خوێنەران بدەم.

دیسان هەر میستەر کلودیوس جێمس ڕیچ، لەو سەفەرەیدا، کە لە ساڵی ١٨١٤-١٨١٥ز، بە کوردستانی تورکیادا کردوویەتی، وێنەی گۆانیبێژێکی نابینای یەزیدی کێشاوە، بە ئامێری تەموور-ەوە خەریکی گۆرانی و تەموورژەندنە و برای هێژام مامۆستا تاها بابان، لەم کتێبەی خوارەوەی وەرگرتبوو، بۆمی نارد بوو:

BAGDAD IN BYGONE DAUS, BY: C. M ALEXANDER PUBLISHED BY JOHN MURRY - LONDON

«ڕیچ» سەبارەت بەم سترانبێژە، لە بیرەوەری ڕۆژی ٢٨/١٢/١٨٢٠ز- لاپەڕە ٨٧ی بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا، دەڵێ شەوێکی تەواوی لەتەک ئەم سترانبێژ و تەموورژەنە



گۆرانیبێژێکی نابینا «یەزیدی» لە کاتی تەموور ژەندندا



بەهرەوەر و هونەرمەندە یەزیدیی‌یەدا بەسەر بردووە، کە ناوی «لاسۆ» بووە و دەیان سترانی شیرینی بۆ چڕیوە... لەناویاندا سترانی «لێلێ غەزالێ»ی، کە وەک ریچ دەڵێ هەرگیز لەیادی ناچێتەوە... ئەم گۆرانییە دڵگیر و پڕ لە جۆش و ئاوازە، بەسەرهاتی کیژە کوردێکی جوانی ناکام بووە، کە ناوی «غەزالێ» بووە و گراوی لاوچاک و جوانخاسێکی گەورە ماڵەکانی شەنگار بووەو تەنها سێ ڕۆژی دەمێنێ بۆ گواستنەوەی بۆ کوڕە دڵدارەکەی، کە «حەسەن پاشا»ی باوکی ئەحمەد پاشا «والییەکی بەناوبانگی سەرەتای سەدەی نۆزدەی بەغداد بووە» ، کچە دەبینێ و بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ یاسا و ڕێساو هەست و نەستی کچە دەسگیراندارەکە، یەسکەر فرمان دەدا بۆ خۆی بگوێزێتەوە...

***

لە جێی خۆیدایەتی هەر لەمەڕ باسی بابانەکان و لە سەروەریی نەتەوایەتی کورددا، داستانی ئەو دوازدە جەنگاوەرەی، کە بە **دوازدە سوارەی مەریوان** بەناوبانگن و هێرش و هەڵمەتی غافڵگیرانەیان کردۆتە سەر لەشکرێکی گەورەی دوژمن «کە لە قۆڵی «مەریوان»ەوە هاتوونەتە سەریان» هەریەکە لەو دوازدە سوارە «تەپڵ»یان لێداوە، تا لەشکرەکەی دوژمن وا بزانێت لەشکرێکی گەورە، هێرش دەکاتە سەریان، نەک دوازدە کەس، چونکە لەو جۆرە شەڕانەدا دەستوور وابووە، ئەگەر لەشکری گەورە هێرشی بکردایە، «تەپڵ»یان بەکاردەهێنا.

***

دیسانەوە هەر لە باسی بابانەکاندا شیعرێکی مستەفا بەگی کوردی (١٨٠٩-١٩٤٩ز)مان دێتەوە یاد، کە باسی چەند گۆرانی و گۆرانیبێژێکی سەردەمی میرنشینی بابان دەکات، کە دیارە لەو ڕۆژگارەدا، لەژێر سێبەری ئەو میرنشینە کوردییەدا، هونەری گۆرانی و مۆسیقا، ڕێز و برەوێکی باڵای هەبووە. مستەفا بەگی کوردی لەم شیعرەیدا، ناوی چەند دەنگخۆش و گۆرانیبێژ و مۆسیقازان و مەقام و ئامێری مۆسیقای هێناوە، کە لەو سەردەمەدا ژیاون و باوبوون و بەکاربراون:

دڵ لە میحنەت کەیلە، ئەی پیری موغان بەزمی ساز(*)
هەر ئەتۆی بۆ یادگاری عەیش و تەرەب، مەسنەدتەراز

(*) وەک لە یادداشتە جێماوەکانی هونەرمەندی گەورە: عەلی مەردان دا، باس لە هونەرمەندانی مۆسیقا و گۆرانی کوردی کراوە، ئاماژەی بۆ ناوی چەند هونەرمەندێکی ناو ئەم شیعرەی مستەفا بەگی کوردی کردووە، کە نازانین ئەو سەرچاوەیەی مامۆستا عەلی مەردان پشتی پێ بەستووە، چی بووە! بەڵام لەبەر گرنگیی بەڵگەکە، وەک خۆی دەینووسینەوە، چونکە لە شیعرەکەی کوردی دا، ناوی (باوکی) هونەرمەندەکان نییە.

خـــاوکـــەرەی خـــانمە، **قـــەتارەی ســـەوزەیی نەســـمـــە**
ڕەقسی: **سمکە**، نازی **شەهراشوب**، غـەمزەی سەرووی ناز
ئاغـا **زەنوون**[١] لێ بدات: **سینەکـەمـان**، فـارس گـرفت،
**ئەلکە**[٢]: **تەنبـوور و دەف، ئەسـعـەد**[٣] بدا دەسـتی بەسـاز
**مـسـتـۆ: ئیـبراهیـمی** و **ئەورەحـمان: نەوا** و **فـەتحی، حـەزین**
**مـسـتـەفـا: ناری** و **سـێگا**، **یونس** بڵێ: **دەشت** و **حـیـجـاز**
با **ڕەسـووڵ** هەڵداتە **ڕاست** و **سـالح** بڵێ: «نیـوەشـەوی»ی
**مـحـیـدین: چوارگـا** و **قـەرە** دەنگی بڵندکـات بۆ **قـەزاز**
جـار بەجـار بە کـزێکەوە هەسـتێ لە پەردەی **تاهیـری**،
یارەکـەی عـاشق کـوژە و مـەعـشـوقـەکـەی دوژمن نەواز(١٠٠- ٣٠٧)

***

دووەمـیـان «ئۆژین ئۆبین»ی باڵوێزی ئەو کـاتەی فـەرانسـە بووە لە ئێـران، کـە سـاڵی ١٩٠٦-١٩٠٧ز، هاتۆتە شاری مەهاباد و شەوێک میوانی ڕەشیدولمولکی حاکمی شاری سابڵاخ بووە و لەو شەوەدا لە یادداشتی خۆیدا، وەک «هێمن»ی شاعیری کۆچکردوو دەڵێت: لاپەڕەیەکی ناشیـانەی لەسـەر گۆرانی و مۆسـیـقـای کوردی نووسـیـوە و(٩٦- پێشەکی)، تیایدا دەڵێت: «سەرومڕی کورد، لەسەر بنچینەی خۆرهەڵاتییانەی خۆیان، زەوق و ئامادەبوونێکی تایبەتییان بۆ شیعر و مۆسیقا هەیە. گۆانیبێژی کورد، بەندوباوی شاعـیـرانیـان بەهۆی گۆرانییـەوە لە مـاڵێکەوە بۆ مـاڵێکی تر دەبەن. بە ڕۆژ هەرکـەس خـەریکی کـارێکە، بەڵام گـۆرانیـبـێـژ هەر کـە شـەو دایەت، ئیـتـر هـەریەک لەوانە دەبنە گۆرانیبێژ و ئەهلی مۆسیقا.

بەڕواڵەت وا دیارە کورد لە ڕابووردودا مۆسیقا و شیعری تایبەتی خۆیان هەبووبێ، کە ئاواز و ڕیتمیان توند و شیعرەکانیشیان شیعرگەلێکی دلێر و جەنگاوەر بووە و خەڵکی خرۆشاندووە، بەڵام لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا مۆسیقای عەرەبی کاری خۆی تێکردووە و

(١) ئاغا زەنوون کوڕی مراد: کەمانچەی ژەندووە.
(٢) ئەلکە کوڕی سەفەر: تەمبوورە و دەفی لێداوە.
(٣) ئەسعەد کوڕی سلێمان: سازی لێداوە (١٠٥، ١١)



گـۆرانیـیـەکـانیـان بێ ئەوەی شـەوق و زەوق ببـزوێنن، بوونەتە ئاخ و ئۆفی بێ بڕانەوە و شیعرەکانیشیان زۆربەی باسی ژن و شەراب و گوڵن و هیچ جۆرە باسێکی نوێ و جوانیان تێدا نەماوە. ئەدەبی ئێستایان بۆتە چاولێکەرییەکی کوێرانە لە غەزەلە عاشقانەکانی عـەرەب و لە ناویاندا لە وشـەی کوردی بەولاوە، هیچ شـوێنەوارێکی تری کـوردی تێـدا بەرچاوناکەوێ.

من لە شـاری سابڵاخ مـیـوانی ڕەشیـدولمولکی حـاکمی شار بووم، شـەوێ بۆ ئەوەی من خۆشم لێ بگوزەرێ، حـاکم داوای کـرد: بەزمی گـۆرانی و مـۆسـیـقـا سـاز بکرێ، دوو گۆرانیبێژی بەناوبانگی شار: **سەعید** و **ئەحمەد ئەمین** هاتن، هەردووکیان خەنجەریان لەبەر پشتێندا بوو، «شەدەی ڕەنگ شین»یان لە دەوری کڵاوە قووچەکانیـان ئاڵاند بوو، بە تار و دمبەگەوە چوونە لای سەرەوە و بەزمێکی خۆشیـان گێڕا. ئەم شیـعـرانەی کە بە ئاوازەوە دەیانوت، بە یاریدەی مەلا محەمەدی موفتی سابڵاخ بۆمیان وەرگێرا، تا تێبگەم کە دەڵێن چی! شیـعـرەکـان هی **نالی** ناوێک بوون، کـە دەڵێن مـەلایەکی خـەڵکی شـاری **سلێـمـانی** بووە.[١] دەستە شیعرێکیان ئەمانە بوون:

زوڵفت بە قــــەدتدا کـــە پەرێشـــــان و بڵاوە
ئەمــــڕۆ لە منی شــیـــفــتــە ئاڵۆز و بەداوە
ئەم عـومـرە عـەزیزە، کـە لە بۆت نەقـد و دراوە،
سـەد حـەیف و درێغا، کـە موسـڵـمـانی نەمـاوە!
عـومـرێکی درێژە بە خـەیاڵی سـەری زوڵفت
سـەودا و پەرێشـــانم و سـەودایەکی خـــاوە
هەرچەندە کـە ڕووتم، بەخـودا مـائیلی ڕووتم،
بێ بەرگییە عـیللەت، کە هەتیو مەیلی هەتاوە
مـانی نیـیـەتی قـووەتی تەسـویری بڕۆی تۆ
ئەم قـەوسە بە دەسـتی مـوتەنەففیس نەکشـاوە
بۆچی نەگـریم، سـەد کـەڕەتم دڵ دەشکێنی!
بۆ مـەی نەڕژێ، شیـشـە لە سـەد لاوە شکاوە!

(١) ئەمە یەکەمجارە، کە گەشتوەرێکی بیانی باسی نالی دەکات.

بێ فـائیـدەیە مـەنعی من ئێـسـتـاکـە لە گـریان
بۆ عـــاشـــقی بێـــچـــارە زووەم ئاوە ڕژاوە!
هەر جۆگـە و جێـگێکی کـەوا سـوور و سـوێر بێ
جـێی جـۆشـشی گـریانی منە و خـوێنە ڕژاوە
سـۆزی دڵـمـە باعـیـشی تاو و کـوڵی گـریان
مـەعلوومـە کـە ئاگـر سـەبەبی جـۆششی ئاوە
نالی وەکـو زوڵفت کـە مـوطیـعی بەری پێـتـە
تێکی مـەشکێنە و بە جـەفـا مـەیخـەرە لاوە(٩٦، ٥٢٣)

دووەم پارچە شیعرێکی کە وتیان، ئەمە بوو:

سـەری زوڵفت کـە ڕشـتـەی عـومـری خضـرە، نیـوە هەودایە
چە هەودایە؟ کـە هەر حـەلقـەی دوو سـەد زنجـیـری سـەودایە
بڕۆت تیـغـێکە وسـمـەی سـەیقـەل و مـەسلول و مـووکـارە،
کـە عـیـشـوەی جەوهەرە، ڕەمـز و ئیـشـارەی ئاوی مـەودایە

تا:

لە دووری تۆیە ئەی خـورشـیدی پڕتەو بەخشی شـەوگـەردان
کــە نالی وا لە حـــاڵاتی مـــیـــحـــاقی مـــاهی نەودایە(٩٦، ١١٧)

هەر ئەم گـەشـتـوەرە، لە باسی گـۆرانی ناوچەی مـوکـریاندا، چەند کـۆپلە شـیـعـرێکی فـۆلکلۆری کـوردی یادداشت کـردووە، کـە لاوانی مـوکـری بە گـۆرانی بۆیان وتـووە و ئەمـە نموونەیەکی ئەو شیعری گۆرانییانەیە:(١)

لـە سلێـــــمـــــانی، وە دەرکـــــەوتم
لـە گـــــولـە زەردان وە ســـــەرکـــــەوتم
بـە شـــــوێن کـــــۆچی لەیـلا کـــــەوتم
ئـاخ. هات... ڕابـوورد گـــــەردن بـەخـــــاڵ(٣، ١١٧).

هەروەها «ویلیـام جـەکسن»یش لە گـەشـتـەیدا، کـە سـاڵی ١٩٠٣ بۆ ئێـرانی کـردووە،

(١) ئەم شیعرانە زۆربوون بەپێویستم نەزانی هەموویان بۆ ئێرە بگوێزمەوە.



وێنەی مـــێـــردمنداڵێکی شـــمـــشـــاڵژەنی کـــوردی «یەزیدی» لە گـــەشنامـــەکـــەیدا بڵاوکردۆتەوە(١٦،٢٦).

***

جگە لەو چەندان نووسەرە بیانییە، هەندێکی تریش بیروڕای جیاجیایان لەسەر گۆرانی و مۆسیقای کوردی دەربڕیوە. لەوانە: «بلاو Blau»، کە خۆی تێکڕای ناوچەکانی باکووری خۆرهەڵاتی کوردستـان گـەڕاوە، سـەبارەت بە گـرنگیی و سـیمـای تایبـەتمەندی گـۆرانی و مۆسـیقـای کوردی، لە ژیانی مـیللەتی کـورددا، دەڵێ: هەژارترین هۆزی کـورد، لە ئاواز و ئاهەنگی دڵنەوازدا دەوڵەمـەندن، بەسـەرهاتگەلی کـورتیـان کـە دەربارەی جـەنگ و نەبەردیانە؛ هەر بە تەنیـا ئەو کـاتانە بە ئاوازەوە نایخـوێنن، کـە بەدەم کـۆچی گـەرمیـان و کوێـسـتـانیـانەوە، لە ملە و گـەوەی سەخت و بەردەڵانیـدا، دەوەستن و ئاوازەکـانیـان دەنگ دەداتەوە، بەڵکو هەمان ئاوازچڕ، لە دۆڵ و لە پێشەنگی کۆڕەوی کورداندا دەیچڕێ و دەمە دەمی عـەسرانیش پیـاوگـەلی هۆزەکـەی لە دەوری خـۆی کـۆدەکـاتـەوە و ڕوداوگـەلی خـێڵاتی جوامێـر و عـاشقـانە، کـە داد و گلەیی و گـازندە، لە دەردی دووریی دەکـەن، بە گـۆرانیی و ئاواز، ئاسوودەیان دەکات. ئەو گۆرانییانەی کە **عومەر ئاغای ئاوازچڕ**، لە **دیادین** Diadin، بەئاوازی جۆراوجۆر، تاویێ کـرژ و تاوێ خـاو، تاوێ شـاد و تاوێ خـەمـاویی، دەیخـوێندن و ئەو هەڵچوون و خرۆشان و هەژانەی تێکەڵ ئاوازەکـانی دەکردن، دەیسـەلماند، کـە بێ ئەوەی بە تـەواوی لە ئاوازی شـیـعـرەکـانیش بگـات، بە هەمـوو هەست و هـۆش و گـۆشـیـیـەوە دەیخوێندن(٥٨، ٣٠٢).

دیسان و لەمانیش وردتر و قووڵتر، کوردناسی ناسراو ڤاسیلی نیکیتین، توێژینەوەیەکی زیرەکانەی دەربارەی گۆرانی و مۆسیقای کوردی ئەنجامداوە. ئەم نووسەرە بەو هۆیەوە، کە لە سـەرەتای ئەم سـەدەیەدا، مـاوەیەک لە ورمێ باڵـیـۆزی ڕوسـیـا بووە و خـۆی لـە نزیکەوە ئاگـاداری گـەلێ کـاروباری کـۆمەڵایەتی و سـیـاسیی کـوردەواری بـووە، بۆیە لە دوو جێگەی کـتـێـبـە ناودارەکـەیدا کـورد و کـوردسـتـان(٥٨، ٣٠١- ٣٠٩ هەروەها ٥٣١- ٥٨٠)، باسی فراوان و تێروتەسەلی بۆ لێدوانی گۆرانی و مۆسیقای کوردی تەرخانکردووە.

ناوبراو لە ڕوانگەی بیروبۆچوونی خۆی و گەڵی کوردناسی وەک: **ئۆسکارمان، ن. مارڕ.** کـە دەربارەی فـۆلـکلۆر و مـۆسـیـقـا و گـۆرانی کـوردی کـردوویانە، گـەیشـتـۆتە هەندێ ئەنجامگـیریی، کە زۆر لەو ئاکامانە، شایانی ئاوڕ لێدانەوە و سەرنجدانن، بەتایبەتی کە دەربارەی فـۆلکلۆری کـوردی پێی وایە بەو هۆیەوە کـە کـورد لە دێرزەمـانەوە خـوێندن و

نووسینی بە زمانی زگماکی خۆی نەبووە و زمانگەلی عەرەبی و فارسی و تورکی پێ خوێندراوە، بۆیە فەرهەنگی ئەو نەتەوانە زەبر و ڕەنگدانەوەیان لە پەروەردەی فەرهەنگیی کوردیدا دروستکردووە و تەنیا شتێک کە سیمای تایبەتمەندی و مۆرکی کوردانە و ڕۆحی نەتەوایەتییانی پاراستووە، هەر فۆلکلۆرەکەیان بووە، کە بە درێژایی ڕۆژگار، هەڵقوڵاوی ناوجەرگەی کەشوهەوای کوردەواری بووە و لە هەموو سەردەمێکیشدا بەپێی گۆڕانی ژیان و پێداویستییەکانی، تازەگەریی بەسەردا هاتووە، لەبەرئەوە گەوهەری بێگەرد و ڕاستەقینەی کورد، لە فۆلکلۆرەکەیدا هەڵدەهێنجرێ، چونکە ناوبراو پێی وایە، بە پێچەوانەی تورکی موسڵمان و؛ ئەرمەنی مەسیحییەوە، کە ئەم دوو دراوسێیەی کورد، دوای ئەوەی بوونەتە موسڵمان و مەسیحی؛ دەستبەرداری خووخدە و نەریتی نەتەوایەتی خۆیان بوون، بەڵام کورد، دوای ئەوەی بۆتە موسڵمانیش، دەستبەرداری هیچ نەریتێکی نەتەوایەتی خۆی نەبووە و ئەو تایبەتمەندییانەی لە پێش ئیسلام بوونیدا هەیبووە، لەگەڵ ئیسلام بوونیدا دەستبەرداری نەبووە و پاراستوویەتی.

هەر بۆیە بەپشت بەستن بەتوێژینەوەی ژیرانەی ئۆسکارمان، ئاکامگیریی لە کێش «وەزن»ی شیعری فۆلکلۆری کوردیدا دەکات و دەڵێ: کێشی شیعری فۆلکلۆری کوردی «کە مەبەستی لە بەیتەکانی موکریان و لاوژەکانی باکوورە» نزیکترین نموونەی کێشی تێکستەکانی **یەشتای** ئاڤێستان، کە زۆر لەپێش برەو پەیداکردنی **شیعری عەرووزدا**، ڕەگ و ڕیشەیان لەم هەرێمانەدا هەبووە و ئەم تێکستانە، کە زۆریان حەماسی و میللین و بەسەرهاتی قارمانێتی کوردانن، کێشێکی تایبەتیان نییە، بەڵکو هیچ پەروایەکیان لە پاراستنی کێش نییە و تەنیا بەیت بێژ و ئاوازچڕان، لە کاتی خوێندنیاندا، بەهۆی قورگەوە لەنگەری کێشی شیعرەکە دەپارێزن، یان بەلای زۆرەوە، قافیەی دوایی دێڕەکان، ئاهەنگێکی شیعریی، بۆ بەیتەکە دروست دەکەن(٥٨، ٥٥٦- ٥٥٩).

پاشان دێتە سەر باسی مێژووی چۆنێتی فێربوون و پەرەپێدانی مۆسیقا و گۆرانی کوردی، کە دیسانەوە ئاماژە بۆ ئۆسکارمان دەکاتەوە و دەڵێ: لە پێش ئەم سەدەیەدا و لەپاڵ ئەوەدا کە لە هەموو جێگەیەکی کوردستاندا **حوجرەی ئایینی** بۆ فێربوونی ئایینی ئیسلامی هەبووە، هەر بەو جۆرەش قوتابخانەی تایبەتی بۆ ئەوانە هەبووە، کە ویستوویانە فێری گۆرانی وتن و مۆسیقاژەندن بن، ئەو جێگایانەش بەلای زۆرەوە هەر **قاوەخانە** و «دیوەخان»ی گەورە ماڵان و دەرەبەگ بووە(٥٨، ٥٦٣-٥٦٤).

بەڵام تێکڕای ئەو بیروبۆچوونانەی ئەم نووسەرە، سەبارەت بە مۆسیقا و گۆرانی کوردی دەری بڕیون، تایبەت بوون بە گۆرانی و مۆسیقای هەرێمی موکریان بەگشتی و لاوژەکانی



باکوور بە تایبەتی. کە بەدەم لێکۆڵینەوەکانییەوە، دەقی "١٥" **لاوژەی** هەمەجۆرەی بە نموونە هێناوەتەوە و قسەیان لەسەر دەکات، ئیتر جۆرەکانی تری مۆسیقا و گۆرانی کوردی، وەک هۆرە و سیاوچەمانە و حەیران و چەمەری. بە هیچ جۆرێک باس نەکردووە.

***

لەپاڵ کاری تاکەکەسیی ئەو چەندان نووسەرە بیانەدا، کارێکی دوو قۆڵیی کوردناسی ناسراو **ئەلیکسندەر ژابا** و نووسەری کوردیش **مەلا مەحموودی بایەزیدی**، بەناوی [داب و نەریتی کوردەواری] ئەنجامدراوە. ئەم کتێبە ئاکامی گەڕان و پشکنینی دڵسۆزانەی ژابایە، لە کوردستانی تورکیا، بەدوای دابونەریتی کوردیدا، کە مەلا مەحموودی بایەزیدی، لەم کارەدا هاوکاری زۆری کردووە و بە هەردووکیان گەلێک داب و نەریتی دێرینەی کوردەوارییان کۆکردۆتەوە و لە دووتوێی کارەکەیاندا ئاماژەیان بۆ گۆرانی و مۆسیقای کوردی بەگشتی و **لاوژە** بەتایبەتی کردووە. پێناسەی واژەکەشیان واکردووە، کە بریتییە لەو جۆرە گۆرانییەی لە دیوەخان و مەجلیسی کوردەواریدا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە باکووری کوردستاندا دەوترێ. خۆ ئەگەریش واژەکە ببێتە **گەڕەلاوژە**، ئەوا هەر مەبەست لە لاوژەیە، کە لە مەجلیسدا، بەنۆرە دەوترێ، واتە لاوژەکە، دەگەڕێ(٨، ١٠٩).

***